شەبەنگ

سامان و سەرهەڵدان



مەحمود زامدار

*** لەدەسپێکدا دەڵێ:**
(مێژووی ئیسلامی وەک مێژوویەک دەخوێنرێتەوە، کە بەکاریگەری فاکتەری ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی و هەروا بەکاریگەری خەڵک و کەسایەتییە گەلێکی مێژوویی و واقیعێکی سەر زەوی پێکهاتووە. ئەم میتۆدە-بەتایبەتی- لەخوێندنەوەی مێژووی ئیسلامی بەراییدا رووبەڕووی گەلێک گرفت دەبێتەوە، کە پێشتر هەر کەسێک خۆی لەقەرەی ئەو سەردەمە وردەی مێژووی ئیسلام دابێت رووبەڕووی بوونەتەوە، سەرچاوە مێژوویەکان ئەگەر دەگمەن نەبن، ئەوا زۆر کەمن، ئەوەیشی هەیە-وێڕای دەگمەنییەکەی- تەنیا بۆ خزمەتگوزاری ئایینە نوێیەکە بەگەڕ خراوە...تاد).
* پێڕستەکەی (٦) بەشەو بەمجۆرە دابەشبووە:
* سامانی عەرەب لەپێش ئیسلامدا.
* ڕێگرە ئابوورییەکانی دەرکەوتنی ئیسلام.
* ڕۆڵی جوویی و کریستی و حەنەفی و دەهری و سابیئی لەدەرکەوتنی ئیسلامدا.
* فاکتەرە ئابوورییەکانی دەرکەوتنی ئیسلام.
* داگیرکردن لە بری بازرگانی.
* سامانی عەرەب لەپاش ئیسلام.
* سەرباری دەیەها سەرچاوەی کۆن و نوێی عەرەبی و ئیسلامی و (٤) سەرچاوەی گرنگی ئینگلیزی (٤١) پەراوێز و ڕوونکردنەوە و ڕاڤەکردن، ئەوا هەر بەشێکی بەسەر چەندین چەند تەوەرە و سەرچاوە و پەراوێز بەستووە، تا بەتەواوی کتێبێکی ئەکادیمی پوخت و خارای لێدەرچووە.
* سەرناوەکەی (سامان و سەرهەڵدان- ڕێگر و پاڵنەرە ئابوورییەکانی دەرکەوتنی ئیسلام، کە بەخامەی بیرمەند و فرە زانای عەرەب (شاکر النابلسی) نووسراوەتەوە و لەلایەن کاک (ئیبراهیم فەتاح) یش کراوەتە کوردی لە بەرگێکی دەربڕو دیزاینێکی جوان و ڕێکوپێکی ناوەوە و (٢٥٠) لاپەڕە و بە تیراژی (١٠٠٠) دانە و بە ژمارە کتێبی (٤٤٠) لەلایەن دەزگای پڕ لە بەخششی چاپ و پەخشی سەردەم چاپکراوە.

*** لەبەشی شەشەمی (سامانی عەرەب پاش ئیسلام، (نابولسی) دەڵێ:**
(لەسەردەمی خۆیدا پێغەمبەر بنچینەکانی سیستەمی (دارایی) مالیی ئیسلامی ئێستا ناسراوی دارشتووە و هاوسەنگییەکی وردی لەنێوان سەرمایە و هێزی سەرمایەی لەبەرهەمهێناندا کردوە، لەبەر ئەوەش و بەگوێرەی جۆرەکانی مولک و سامان، جیاکاری لەنێوان ڕێژەکانی زەکاتدا داناوە و لەهاوکێشەیەکدا فەرزی کرد کە کەڵک وەرگرتنی تاک لەگشت لە بەرهەمهێنانەکەیدا و کەڵک وەرگرتنی گشت لەتاک لە بەکارهێنانەکەیدا ڕەچاو کردوە... تاد)
* خوێندنەوەی ئەم لێکۆڵینەوە ئەکادیمی و مێژوویە، وەڵامی گەلێ پرسیاری زەق و هەڵایساو دەداتەوە، بەتایبەتی- کە بە خامەی عەرەبێکی بیرمەندیش نووسرابێ..!؟

گۆڤارێک بۆ خوێندنەوە.. گۆڤارێک بۆ لێکۆڵینەوە

محەمەد خدر مەولود

گۆڤاری هەرێمی کوردستان، یەکێکە لەو گۆڤارانەی کە لەگەڵ لەدایکبوونی پەرلەمانی کوردستان و دامەزراندنی حکومەتی هەرێمی کوردستان، لەدایکبووەو سەریهەڵداوەو تا ئێستاش هەفتانە بە رێکوپێکی چاپ و بڵاودەکرێتەوە.. ئەم گۆڤارە سەروەرییەکی حکومەتی هەرێم و وەزارەتی رۆشنبیرییە.. بەرهەمی راپەڕینی ئازاری ١٩٩١ و گۆڤارێکی حکومی و حکومەتییە، لەوەی کە حزبی بێ و لەلایەن حزبێکەوە دەربچێت. شێوەو ناوەڕۆک و

ڕاگرایەتی کۆلێژی رۆژنامەگەری و هەندێ لە پسپۆڕانی بەشی (داهێنانی ئەدەبی)

جۆری دەرچوونی ئەم گۆڤارە هەر لە ١٩٩١ وە تا ئێستا بەچەندین جۆروشێوازەوە تێپەڕیوە سەرەتا وەک رۆژنامە، لەرۆژنامەش وەک ناو (هەرێم، هەرێمی کوردستان، ھ کا ف)، دواتر وەک گۆڤار شێوێنی دەرچوون و چاپ و بڵاوبوونەوەی لە هەولێری پایتەختی کوردستانەوە بووە، تەنها چەند ژمارەیەکی نەبێ لەسلێمانی ئەویش لەدوای ١٩٩٦ وە، لەهەمانکاتیشدا هەر لە هەولێر بەشێوەی رۆژنامە (هەفتانەو هەفتەی دووجار و رۆژنامەش وەک پاشکۆی یادەکانی ئادارو نەورۆزی ١٩٩٧) دەرچوو، پاشان دەبێتە گۆڤار و هەفتانە بەرەنگاوڕەنگی دەردەچێت.
هەرێمی کوردستان، یەکێکە لەو گۆڤارانەی کەوا لای خوێنەر و نووسەران بایەخی هەیەو بە وردی دەخوێندرێتەوە، هەروا چەندین نووسەرو رۆژنامەنووس و ئەدیب و شاعیر بە حەزو ویستەوە بابەتی تێدا بڵاودەکەنەوە..
من هەروەک نووسەرو خوێنەرێکی ئەم گۆڤارە، ئەو رێگایەم بەخۆم داوە ئەم چەند پەیڤەی دەرهەق بنووسم، مامەلەکردن ورووخۆشی سەرنووسەری بەڕێزی گۆڤارەکەش کاک شێرزاد عەبدولرەحمان و تەواوی ستافی گۆڤار هەر لەبرای بەڕێز کاک محەمەد وەسمان جێگری سەرنووسەرەوە تا دوا کارمەندی کۆمپیوتەر تەکانێکی دیکەیان پێبەخشیم تالەگەڵیان بەبەرهەم و نووسین بەردەوام بم..
سەربردەی من و ئەو گۆڤارە لەچەندین قۆناغ دا خۆی دەبینێتەوە قۆناغی خوێندنی باڵا لە درەوەی وڵات و لەوڵاتی ئۆکرانیا بەجۆری ناساندنی ئەم گۆڤارە بەنێوەندی ئەکادیمی و زانکۆ و کتێبخانەکانی ئەوێ و مامۆستاو قوتابییانی خوێندنی ماجستێرو دکتۆرا لەبواری رۆژنامەگەریدا.
هەر بۆ مێژووش ئەوەش دەڵێین سەرباری ئەم گۆڤارە رۆژنامەی خەبات و گۆڤاری نووسەری نوێ و کتێبی چەندین نووسەری کوردیان پێشکەشی ئەو ناوەندانەکردوەو بەرادەیێک لەکتێبخانەی گۆرگی کە بەناوی مەکسیم گۆرگێی رۆماننووس هەڵگرتووە و لە کتێبخانەی ناوەندی شاری لۆگانسکە خانەیەک بۆ کتێب و گۆڤارو رۆژنامەی کوردی تەرخانکراوە..
قسەزیاتر لەسەر گۆڤاری هەرێمی کوردستانە، پاش بڵاوبوونەوەی ئەو چەند بابەتانەی ئەوێم لە هەرێمدا، ئەو گۆڤارە رەنگ و رووی خۆی وەرگرتووەو لەچەندین وانەی قوتابییانی بواری رۆژنامەگەری وەک نموونەی گۆڤارێکی بیانی باس لەشێوەی هونەری و دەرهێنان و چاپ و دیزاینی کراوە و لەگەڵ گۆڤارەکانی ئەوێ بەنموونە وەرگیراوە.. ئەوەشیان هەڵبەتە ناساندنێکی دیکەی رۆژنامەگەری کوردییە، گەر چی وەک زمان نەخوێندرێتەوە، بەڵام وەک چاوسەیری وێنەو دیزان و هونەرکاری و بابەتەکانی کوردستان دەکرێت و پسپۆڕانی بوارەکە هەڵسەنگاندنی بۆ دەکەن و دەینرخێنن، هەربۆیە هەرێمی کوردستان شوێن پێی خۆی لەوێداکردۆتەوەو خۆی بەوان ناساندووە، لێرەشدا دەبێ ئەوەبڵێین ناسینی هەرێمی کوردستان وەک گۆڤار لەوێ ناسینی هەرێمی کوردستانە وەک نەتەوەو کەلتوورو وڵات. پاش تەواوکردنی خوێندنی ماستەرەکەم کە دەربارەی (ئەدەبی داهێنانراو)، بوو بەتایبەتیش دەربارەی شاعیری ناوداری ئۆکرانی (تاراس گریگۆریج شێڤچێنکە) و ناساندنی ئەو شاعیرە بە ئەدەب و کەلتووری کوردیان، پرۆفیسۆرەکەم ڤالانتینامیکۆلایفنا پێشنیاری ئەوەی بۆ کردم کەوا تێزی دکتۆراکەم دەربارەی رۆژنامەگەری کوردی بێت. لەنێو ئەو باسەش دا گۆڤاری (هەرێمی کوردستان) بابەتی سەرەکی تێمەکەبێت من زاری بووم، چونکە وەک خۆی گوتەنی ئەوانیش دەیانەوێت زیاتر ئاشنای کەلتوورو رۆژنامەگەری کوردی بن خۆ لەبڕوانامەکەی ماستەرەکەمدا باس لە زمانی کوردی و تایبەتمەندییەکانی کراوەو چەند نموونەیەک لەشیعرەکانی شێڤچینکەمان وەرگێڕاوەتە سەرزمانی کوردی لەکاتی بەرگری کردنیشدا لەنامەکە شیعرەکانیم بەزمانی کوردی پێشکەش کردوون و بەبەراود لەگەڵ پیت و فۆنەتیکی وشەی کوردی و ئۆکرانیی، بەڵام کە باسیش لە رۆژنامەگەری کوردی و گۆڤاری هەرێمی کوردستان دەکرێت لە بڕوانامەیەکی وەک دکتۆرادا، هەڵبەتە لایەنێکی دیکەی کەلتووری کوردی پێناسە دەکەین و ئاشنای ئەوانی دەکەین. بە ئومێدی ئەوەم لەم کارەمدا سەرکەوتووبم وبتوانم کەلتووری بینراوی خۆمان بەوان باشتربناسێنین، ناساندنی کەلتووری کوردی بەبیانییان چی لەناساندنی بارودۆخی سیاسی و نەتەوەیی کەمترنییە بە ئومێدی سەرکەوتنی ئەوکارەش واشانم داوەتەبەرێ..



ماستەر نامەی نووسەر

د. دلێر ئەحمەد سەرۆکی بەشی راگەیاندن لە پەیمانگای تەکنیکی هەولێر:

توانیومانە کۆمەڵە کادیرێک دروست بکەین و بیانخەینە نێو گۆڕەپانی راگەیاندنی کوردی

بەشی راگەیاندن لە پەیمانگای تەکنیکی هەولێر بۆ ساڵی خوێندنی (١٩٩٩-٢٠٠٠) کرایەوە، لەو ساوە تاکو ئێستا (٤٥٠) قوتابی بەهەردوو رەگەزی (کوڕوکچ)ەوە لەم بەشە خوێندنیان تەواوکردووە بۆ ئەمساڵی خوێندنیش (٢٠٠٩-٢٠١٠)بەشی راگەیاندن لقی رۆژنامەگەری و لقی رادیۆو تەلەڤزیۆنی تێدادەخوێندرێ. بەهیوای ئەوەی لەدوارۆژدا زانکۆی راگەیاندن لە کوردستان بێتەدی وە هەر تایبەتمەندییەک کۆلێژی خۆی هەبێ.

ئا: سەباح شێخانی

بەرهەمی بەشی راگەیاندن

دکتۆر دلێر ئەحمەد سەرۆکی بەشی راگەیاندن لە پەیمانگای تەکنیکی هەولێر دەربارەی بەرهەمی بەشەکەیان گوتی: بەدڵنیاییەوە دەڵێم لەماوەی دروستبوونی بەشی راگەیاندن تاکو ئێستا ژمارەیەک قوتابی و کادیری راگەیاندنمان پێگەیاندووە، کە ئێستا خۆشبەختانە لەدەزگاکانی راگەیاندن (رادیۆ، رۆژنامە، گۆڤار، تەلەفزیۆن) دەبینرێن و کاروچالاکییان هەیە، ئەمە جێگای دڵخۆشییە کە توانیومانە کۆمەڵە کادیرێک دروست بکەین و بیانخەینە نێو گۆڕەپانی راگەیاندنی کوردی.

لەنێوان رێژەو بەشداری کچ

لەوەڵامی پرسیارێکی هەرێمی کوردستاندا دەربارەی رێژەو بەشداری کچ لە کاری راگەیاندندا دکتۆر دلێر گوتی: لەسەرەتای کردنەوەی بەشی راگەیاندن رێژەی کچ لەبەشەکەمان کەم بوو، بەڵام ساڵی (٢٠٠٨-٢٠٠٩) ئەمە پێچەوانە بۆوە بەجۆرێک (٧٢) کچ لەبەرامبەر (٦١) کوڕ بوو، بەڵام کێشەکە لە رێژەی زۆروکەمی کچ دانییە بەقەد ئەوەی چەند لەو کچانە دوای تەواوکردنی خوێندن و بەدەستهێنانی بڕوانامە لەبواری راگەیاندن کاردەکەن.

دەربارەی ئەوەی بۆ ئەمساڵی خوێندن (٢٠٠٩-٢٠١٠) ژمارەیەکی زۆر لە قوتابی لەبەشی راگەیاندن وەرگیراون و دەخوێنن، لەکاتێکدا هۆڵ و شوێنی راگەیاندن ئەم ژمارە زۆرەی قوتابی هەڵناگرێ پلان و بەرنامەتان بۆ ساڵی ئایندە چییە؟

لەوەڵامدا سەرۆکی بەشی راگەیاندن ئاماژەی بۆ ئەوە کرد: وەک ئەنجوومەنی بەشی راگەیاندن بیر لەوە دەکەینەوە بۆ ساڵی ئایندە چۆن خۆمان لەو قەڵەبالغی و زۆری قوتابی رزگار بکەین، چونکە هیچ پۆلێکی راگەیاندن پێویستی بە (٦٠) قوتابی نییە، ئێمە لە بەشی رۆژنامە (٢٥) قوتابی و لەبەشی رادیۆو تەلەڤزیۆنیش (٢٥) قوتابییمان پێویستە ئەوکات دەتوانین بەلایەنی کەم لەو (٥٠) قوتابییە، (٢٠) قوتابی پەروەردە بکەین و ئامادەی بکەین بۆ راگەیاندنی کوردی، بەڵام لە ئێستادا بەهۆی زۆری ژمارەی قوتابییانەوە لە (٦٠) قوتابی تەنها دەتوانین (٥) قوتابی ئامادەو پەروەردە بکەین گەورەترین کێشەی ئێمە زۆری ژمارەی قوتابییانە.

توێژینەوەی دەرچوون و پرۆژەی دەرچوون

دەربارەی ئەو بڕیارەی بەشی راگەیاندن کە داوا لە قوتابییان دەکات لە بری توێژینەوەی دەرچوون، پرۆژەی دەرچوون ئامادە بکەن سەرۆکی بەشی راگەیاندن ئەوەی بۆ نێردراوی هەرێمی کوردستان روونکردەوە و لەمبارەیەوە بەو جۆرە هاتە ئاخافتن: ئێمە پێشتر هەر قوتابییەک دوای تەواوکردنی خوێندن داوامان لێ دەکرد (توێژینەوەی دەرچوون) ئامادە بکات لەسەر بابەتێکی راگەیاندن ئەویش لە (٢٥-٣٠) لاپەڕە پێکهاتبوو، بەڵام پارساڵ ئەنجوومەنی بەشی راگەیاندنی بیرمان لەوە کردووە کە ئەو سیستەمە بگۆڕین و لە بری توێژینەوەی دەرچوون، پرۆژەی دەرچوون بەقوتابییان ئامادە بکەین، پرۆژەکەش بۆ لقی رادیۆو تەلەڤزیۆن بریتی دەبێ لە دروستکردنی (گروپ) کە لە (٥) کەس کەمتر نەبێ بەسەرپەرشتی مامۆستایەک تاکو بابەتێکی راگەیاندن ئامادە بکەن کە لە (١٥) خولەک کەمترنەبێ لەماوەی ئەم (١٥) خولەکەدا کارەکان دابەش دەبن بەسەر قوتابییاندا، هەروەها بەنسبەت بەشی رۆژنامەگەرییەوە دەبێ ئەوانیش رۆژنامەیەکی (٨) لاپەڕەیی دەربکەن کە لە رۆژنامەیەکی رۆژانە بچێ، یەکێکیان دەبێتە سەرنووسەرو ئەوانی دیکەش دەبنە دەستەی نووسەران هەریەکەیان دەبێ لاپەڕەیەک ئامادە بکات و خۆی چاپ و دیزاینی بکات بۆ ئەمساڵ قوتابییەکانمان ئاگادار کردۆتەوە تاکو ٢٠١٠/٤/١٠ (پرۆژەکانی دەرچوونیان) ئامادەە بکەن تاوەکو لە رۆژی رۆژنامەگەری کوردی (٢٠١٠/٤/٢٢) لە فیستیڤاڵی بەشی راگەیاندن پیشانی میوانەکان بدەین و بەرهەمە سەرکەوتووەکانیش خەڵات بکەین.

لەیادی کۆچی دوایی مەلا ئەفەندی

کابان عەبدولکەریم شێخ عەلی
مامۆستای زانکۆ

لەم رۆژانەدا یادی وەفاتی یەک لەدیارترین و زاناترین کەسایەتی شاری هەولێر تێدەپەڕێت کە ئەویش مەلا ئەبوبەکر ئەفەندییە کە ناسراوە بە مەلا ئەفەندی یان مەلای گچکەی شاری هەولێرە، ئەو هەولێرەی کەشاری دێرینی زانست و روناکبیری و کوردایەتییە هەروەکو شاعیر میهری دەڵێ:

شاری هەولێر مەنبەعی عیرفانە
شاری هەولێر باغ و هەم بێستانە

هەر لەکۆنەوە، لە هەولێر و دەوروبەری، چەندان بنەماڵە و کەسایەتی زانا هەڵکەوتوون کە بەڕاستی سەرچاوەی رۆشنایی و فێربوون بوون، لەسەردەمی خۆیان، یەکێک لەو بنەماڵە بەناوبانگانە بنەماڵەی مەلا ئەفەندییە، کە هەر لەبنەچەدا خودان ناوبانگ و خانەدان بوون کە لەبەناوبانگترینیان لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم و نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم مەلا ئەبوبەکر ئەفەندییە کە کوڕی عومەر کوڕی ئەبوبەکرە لەساڵی ١٨٦٧ز لەهەولێر لەدایکبووە، هەر لەسەرەتادا لەسەردەستی باوکی واتا مەلا عومەر خوێندنی فەقێیاتی دەستپێکردووە و بەخێرایی پلەکانی بڕیوە، لە قوتابخانەی مزگەوتی گەورەی قەلا مۆڵەتی مەلایەتی وەرگرتووە، قوتابخانەی قەلا ئەوکات بەناوبانگترین قوتابخانە بوو کە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی (سوڵتان موزەفەر) پاش مردنی باوکی لەجێگای ئەو، بووەتە مامۆستا و ناوبانگی سەرجەم ناوچەکانی کوردستانی تەنیوەتەوە، هەر بۆیە خەڵکێکی زۆر بۆ فێربوون رویان لە قوتابخانەی قەلای ئەو کاتە کردووە، مەلا ئەبوبەکر ئەفەندی لەبواری زانست و فێرکردندا خاوەنی رێبازی تایبەتی خۆی بووە، لە زانستە جۆراوجۆرەکانی باو لە سەردەمی خۆیدا ئەسپی خۆی تاو داوە بایەخی زۆری بە زانستی فەلەکناسی و جەبرداوە واتا بواری کاری زانستییانەی تەنها پانتایی زانستە شەرعییەکان نەبووە، هەروەها زۆر لەو بابەتە زانستییانەی کە بەقوتابییەکانی گوتووە لەکتێبی دانراوی خۆی بوون بەتایبەتی لەزانستەکانی تەفسیر و فەلەکناسی، لە دیارترین بەرهەمە دانراوەکانی دەبێ ئاماژە بەکتێبەکانی: (الفوائد الحسینیة فی الربح المجیب) وەکتابی (التفسیر) و (علم الاسطرلاب) بدەین کەدەستنووسن، هەروەها ئەم زانایە پایە بەرزە چەندین کتێبی لەتورکی و فارسی وەرگێڕاوە ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە شاعیر بووە و بەهەر چوار زمانی کوردی و عەرەبی و فارسی و تورکی شیعری نووسیوە. بوارێکی دیکەی خزمەتە زانستییەکانی مەلائەفەندی پێگەیاندنی چەندان زانا و کەسایەتی ناودار بووە کە ئیجازەی مەلایەتی بەخشیوە بەدەیان کەس لەوانە: شێخ محەمەدی خاڵ و حاجی مەلا ساڵح گۆزەپانکی و شێخ مستەفا نەقشبەندی و مەلا عەبدوڵڵای مەریوانی و مەلا محەمەدی سەقزی و مەلا عەبدولفەتاح خەتی، جێگای ئاماژەیە مەلا ئەفەندی لەسەر ئەرکی خۆی خەرجی ئەم قوتابییانەی دەکرد تا خوێندنیان لای ئەو تەواوکردەکرد، هەروەها رۆڵی گرنگی هەبووە لەدروستکردنی چەندان مزگەوت و قوتابخانە لە هەولێر، هەروەها وەکو موفتی رۆڵی باڵای خۆی بینیوە لەیەکلاکردنەوەی هەندێک مەسەلە و ئاریشەی سەردەمی خۆی، لەبەر هەموو ئەو چالاکی و کارە گرنگانەی لەلایەن شاعیرانەوە ستایش کراوە هەروەکو شێخ رەزای تاڵەبانی پیای هەڵداوە و نووسیویەتی:

سنک تک عالم غرا جهانداوار میدرکلا
سکاسوء نفسدن حفظ ایجون دیدلر کوجک ملا

واتە: لەجیهاندا زانای گەورەی وەک تونیەنا لەبەر پاراستن لەچاوی پیسە پێیدەڵێم کچک مەلا.. لەبەر پێگەی زانستی و کۆمەڵایەتی بنەماڵەی مەلا ئەفەندی هەمیشە جێگای متمانە و رێزی خەڵک و دەسەڵاتدارانی دەوڵەتانی ناوچەکە بووە، هەر لەسەردەمی عوسمانییەکان و دواتر ئینگلیز و دەوڵەتی عێراقی بایەخێکی زۆریان بەمەلائەفەندی داوە لەکاروباری ناوچەکەدا راوێژیان پێکردووە ئەویش بۆ خزمەتکردنی گەلی خۆی پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئەم هێزانەدا بەکارهێناوە هەر لەبەر پێگە و ماقوڵی و شایستەیی ماڵەکەی بووەتە لانەی لێقەوماو و هانابەران، بۆ نموونە بنەماڵەی پادشایەتی عێراق لە ٢٨ مایسی ١٩٤١ سەروبەندی بزووتنەوەی رەشید عالی گەیلانی وهەڵوێستی ئینگلیز لەدژی بزوتنەوەکە پاش ئەوەی زاندرا کە بارودۆخەکە مەترسی هەیە بۆ سەر بنەماڵەی پادشایەتی عێراق رەشید عالی گەیلانی پەیوەندی بە مەلا ئەفەندی دەکات بۆ ئەوەی بنەماڵەی پادشایەتی دالدەبدات، مەلا ئەفەندیش کە بەدڵاواو دالدەدەر ناسرابوو، کۆشکی خۆی لەباداوە بۆ چۆڵکردن و لەوێ پێشوازی لێکردن، ئەندامانی بنەماڵەی پادشایەتی کە ئەو کاتە هاتبوونە هەولێر پێکهاتبوون لە شاژن عالیە و کوڕەکەی مەلیک فەیسەڵی دووەم و دایکی شاژن نەفیسە و خوشکەکانی شاژن عالیە ،عابدیە، بەدیعە، جلیلە و شاژن صاڵحەی پوریان هەروەها عەبدولوەهاب عەبدولەتیف ئەلسامەرائی کەسەرکاری یاوەرانی مەلیک فەیسەڵ بوو هەروەها موقەدەم ساڵح زەکی طائی فەرماندەی پاسەوانانی پادشا وێڕای چەند کەسێکی دیکە لەدەست و پەیوەندان لەگەڵیان بوون، ئەمە وێڕای چەندان هەڵوێست و کاری جوامێرانە کە گوزارشت لەخانەدانی و زانایی و دڵسۆزی مەلا ئەفەندی دەکا، جێگای ئاماژەیە کەوا لە رۆژی ١٩٤٢/١٢/٣١ ز کۆچی دوایی کرد لەباداوە نێژرا، شکۆدار بێ یادی ٦٧ ساڵەی کۆچی دوایی مەلا ئەفەندی.

کتێبخانەکەم

محەمەد زادە:

کتێبخانەی ماڵەوە یەکێکە لەشتە زۆر زەروورەکان، هیوادارم هەموو کەسێک کتێبخانەیەکی لەماڵەوە هەبێت

ماڵی بێ کتێبخانە وەک ماڵێکی بێ منداڵ وایە، کە هیچ شەوق و زەوقێکی تێدانییە، ئەوجا با هەر ماڵێکی گەورەو جوان و رازاوەش بێت، بەڵام بەپێچەوانەوە ماڵی بەکتێبخانە، ئەگەر زۆر بەرچاویش نەبێت هەمیشە درەوشاوەیەو مایەی رەزامەندی بەتایبەتی خوێندەوارو رۆشنبیرانە ئەمە تێڕوانینە محەمەد عوسمان عەزیز ناسراو بە (زادە)یە سەبارەت بە کتێبخانەی ماڵەوە ئەویش بەوپێیەی خۆشنووس و لە بواری دیزاینی لۆگۆی رۆژنامەو گۆڤارو بەرگی کتێب کاردەکات و کتێبخانەیەکی گەورەی لەماڵەوە هەیە، کە ژوورێکی تایبەتی بۆ تەرخانکردووەو هەندێکیشی لەژووری خەوتن داناوە بۆیە لەم ژمارەیەدا بە پێویستمان زانی بەسەریبکەینەوە:

دیانە: شوان سەرابی

*** سەرەتا پێمان خۆشە بزانین چیرۆکی زادە لەگەڵ کتێب چۆن دەست پێدەکات؟**

- دەتوانم بڵێم لەگەڵ سەرەتای دەرچوونی ناوم لەکۆلێژی زمان لە بەغدا- بەشی کوردی دەست پێدەکات، واتە لەساڵی (١٩٦٨)ەوە، چونکە پاش تێپەڕبوونی یەک ساڵ بەسەر خوێندنی زانکۆ لە رۆژنامەی هاوکاری و دواتر لە (التاخی) کە رۆژنامەی پارتی دیموکراتی کوردستان بوو دامەزرام وەک خۆشنووسێک تا ساڵی ١٩٧٤ بەردەوام بووم و پاشان لەگەڵ دەستپێکردنەوەی شۆڕشی کوردستان منیش وازم لە ئیشی رۆژنامە هێناو پەیوەندیم بە شۆڕشەوەکرد.

بەڵام لەماوەی ئەو شەش ساڵەدا، واتە لەساڵی ١٩٦٨- ١٩٧٤ نیمچە کتێبخانەیەکم لەبەغدا پێکەوە نابوو، کە تژی بوو لەکتێبی ماركسی و لینین و کتێبی رۆشنبیری و ئەدەبی دیکە بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی، بەڵام لەگەڕانەوەمان بۆ کوردستان بەتایبەتی کتێبە ماركسییەکان لە بەغدا بەجێمان، چونکە هێنانەوەیان بۆ کوردستان لەبەر بازگە کارێکی ئەستەم بوو و ئەگەر بەردەستیان بکەوتابایە دەستیان بەسەردادەگرت و دەبوونە مایەی دەردی سەر بۆیە لەوێم بەجێهێشتن و لەگەڵ خۆم نەهێنانەوە.

*** لەماڵەوە هیچ بەربەستێکت بۆ دروست نەبووە لەلایەن دایکی منداڵەکانت سەبارەت بەکۆکردنەوەی کتێب و کتێبخانە؟**

- نەخێر.. بەڵکو هەمیشە هەوڵی رێکخستنی کتێبەکانی داوەو لەمبارەیەوە زەوق و سەلیقەیەکی هونەری هەیەو جوانییەکی دیکەی بەکتێبەکان بەخشیوەو زیاتر کتێبەکانی لەلاخۆشەویست کردووم، واتە لە دانانی کتێبخانەکەدا رەچاوی زەوق و سەلیقەی دایکی منداڵەکانم کردووە.

*** زادە زیاتر بایەخ بە چ بابەتێکی کتێب دەدات؟**

- زیاتر بایەخ بەکتێبی هونەری و رۆژنامەوانی دەدەم، چونکە خۆم تایبەتمەندیم لەم بابەتانەدا هەیە. نابێت ئەوەش لەیاد بکەم، کە بایەخ بە شیعرو چیرۆک و یاداشتنامەو شتی مێژوویش دەدەم و ئەمانەش دەخوێنمەوە.

*** لەناو کتێبخانەکەتدا کتێبێکت هەیە لەهەمووان خۆشەویستتربێت بەگوێرەی ئەوەی، کە نایابەو هیچ کەسێک نییەتی؟**

- بەڵێ.. هەندێک کتێبی تایبەت بەهونەری خۆشنووسیم هەیە.

*** کتێبەکانت بە چ شێوەیەک بەدەست هێناون؟**

- بێگومان کتێبەکانم بەدووشێوە بەدەست هێناون: یەکەم: لە ڕێگەی کڕینەوە، واتە سەردانی هەر پێشانگەیەکم کردبێت و ڕام لە کتێبێک بووبێت کڕیومە دووەم: هەرکتێبێک و گۆڤارێک و تەنانەت ڕۆژنامەیەکیش ناوی زادەی لەسەر بێت لایەنی پەیوەندار یەک دوودانەی بەدیاری بۆ هێناوم و منیش لەناوکتێبخانەکەمدا پارێزگاریم لێیان کردووە.

*** لە ڕەنگڕێژکردنی بەرگی کتێبەکان ڕەچاوی ناوەڕۆکت کردووە؟**

- بەڵێ...

*** کە دەڵێین (زادە) واتای چ دەگەیەنێت؟**

- خۆشنووسی و دارێژەری هونەری.

*** تاچەند ڕەچاوی دڵی هامۆشکارانت دەکەیت لە ڕاپەڕاندنی کارەکانیاندا؟**

- تا ڕادەیەکی زۆر بەرگی کتێب هەبووە هەتا نزیکەی هەشت جار دووبارەم کردۆتەوە تاپێی ڕازیبووە، ئەوجا دەستم لە ئیشەکەی کێشاوەتەوە.

*** چ زۆر بێزارت دەکات؟**

- کاتێک کەسێک تەکلیفی ئیشێکم لێدەکات و شتەکانی خۆی زۆر فەرز دەکات و ڕەنگە لە کۆتاییشدا ئیشەکە بەو جوانییە دەرنەچێت کە چاوەڕوان دەکرێت.

*** بەچ دڵخۆش دەبیت؟**

- کاتێک لەئیش و کارەکاندا سەرپشک دەکرێم، ئەوکاتە شتەکە جوانتریش دەردەچێت.

*** بەمەزەندەی خۆت تا ئێستا چەند لۆگۆی ڕۆژنامەو گۆڤارو بەرگی کتێب دروست کردووە؟**

- پێوانە ناکرێت، بەڵام دەتوانم بڵێم زۆربەی کتێبەکان، کە لە کوردستان چاپکراون ٣٠٪ یان من ئەنجامم داون.

*** کەسێکی دیکە هەیە لە ڕووی دیزاینەوە خۆی لەشانی تۆ بدات؟**

- بەڵێ.. ڕاستە هونەرمەندی گەنج پەیدابوونە، بەڵام سەبارەت بەخۆشنووسی هونەرمەندی وانەهاتووەتەکایەوە، کە دەستی خەتی هەبێت.

*** جوانترین خەت لەلای تۆ چییە؟**

- هەموو خەتەکان جوانن، بەڵام دەمێنێتەوە سەر ئەو وشەیەی، کە تۆ دەتەوێت بینووسیت و هەر وشەیەک بەجۆرە خەتێک جوان دەردەچێت.

*** ئیشی دەستی پێشتر خۆشتربوو؟یان هی ئێستا؟ کە بەکۆمپیوتەر دەکرێت؟**

- بێگومان کۆمپیوتەر لەبەرچەند هۆیەک، لەوانە: پاک و خاوێنی ئیشی کۆمپیوتەر، وردەکاری زۆری تێدایەو داشدەکرێت. واتە دەتوانیت هەڵیبگریت و دواتر گۆڕانکاری لەسەر بکەیت، بەڵام ئیشی دەستی لەیەک قاڵب دەوەستێت و ماندووبوونیشی زیاترە.

*** تا ئێستا چەند پێشانگەی تایبەت و هابەشی خۆشنووسیت کردۆتەوە؟**

- تا ئێستا هیچ پێشانگایەکی خۆشنووسی تایبەتیم نەکردۆتەوە، چونکە ئیشەکانم بەرگی کتێب و لۆگۆی ڕۆژنامەو گۆڤارەکان دەگرێتەوە لە خۆیاندا پێشانگایەکی تایبەتی و هاوبەشن.

*** واتە هەوڵت نەداوە کارەکانت لەپێشانگایەکی تایبەتیدا نمایش بکەیت؟**

-لە پێشانگایەکی دەزگای ئاراس، کە لە ساڵی ٢٠٠٢ بوو، ئەوکاتە بە پێشانگایەکی خۆشنووسی بەشداریم کرد.

*** لەماڵەوەتاندا کەسێک هەیە ڕێگەی تۆی گرتبێت؟**

- ئەمە یەکێک لەکارەساتەکانەو لەگەڵ ئەمەشدا هاوڕێی کوڕم لەبواری دارێژەری هونەریدا دەست ڕەنگینە. سەبارەت بەخۆشنووسی زۆریشم هەوڵ لەگەڵ داون، بەڵام حەزو ئارەزوویان لەم بوارەدا نییە.

*** کاتی بۆ شاییت بە چ پردەکەیتەوە، ئەگەر هەبێت؟**

- یان خوێندنەوە، یان ئیشی کۆمپیوتەر..

* قوتابییانی زانکۆ و ماستەرو دکتۆرا تا چەند سوودیان لە کتێبخانەکەت بینیوە؟

- تا ئێستا کەسێک نەهاتووە، کە داوای کتێبێکی کردبێت وەک خواستن نەمدابێتێ، واتە هەر قوتابییەک کاری لەلای من پێک بێت بەدڵنیاییەوە بۆی جێبەجێ دەبێت.

*** چیدیکە؟**

- کتێبخانەی ماڵەوە یەکێکە لەشتە زۆر زەرووورەکان و هیوادارم هەموو ماڵێک کتێبخانەیەکیان هەبێت، ئەگەر بچوکیش بێت خراپ نییە و نیشانەی ئەوەیە، کە ئەو ماڵە ڕۆشنبیری تێدایە.

زادە لە چەند دێڕێکدا

* محەمەد عوسمان عەزیز ناسراو بە (زادە) لەساڵی ١٩٤٦ لە هەولێر لە دایک بووە.

* خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی لە هەولێر تەواوکردووە.

* لەساڵی ١٩٧٢ بڕوانامەی بەکەلۆریۆسی لەکۆلێژی زمان بەشی کوردی لەبەغدا بەدەست هێناوە.

چوار وێنەگری فۆتۆگراف، گروپی کورد فۆتۆیان راگەیاند لە کوردستان

ئا: زنار حەمید فۆتۆ: فازڵ فەرامۆش

هەفتەی رابردوو، بە ئامادەبوونی شەماڵ حەویزی بەڕێوەبەری گشتی رۆشنبیری و هونەر لە پێشانگایەکی هاوبەشدا، چوار وێنەگری فۆتۆگرافی سەنتەری: گروپی کورد فۆتۆیان راگەیاند کە لە هەگبەیاندایە لە رێگای ئەم سەنتەرەوە پەرە بە بواری وێنەی فۆتۆگرافی بدەن لە کوردستان.

ئەم چوار فۆتۆگرافیستە کە پێکهاتوون لە ئازاد لەشکری، سەفین حەمید، محمەمەد بەکرو ئاشتی عەدۆ لە پیشانگایەکی قەشەنگدا کە کردوویانەوە بەبۆنەی راگەیاندنی گروپەکەیان تیشکیان خستە سەر چوار بواری هونەری فۆتۆگراف کە بریتیبوون لە سروشتی کوردستان و ژیانی کۆمەڵایەتی لادێیەکان و پێکەوە ژیانی ئاینیی لە کوردستان، لەگەڵ شێوازی ستیلاڤی کە تێکەڵاوە لە نێوان هونەری شێوەکاری و فۆتۆگرافی.

ئازاد لەشکری کە سەرۆکی سەنتەری گروپی کورد فۆتۆیەو لەم پیشانگایە بەشداریکردووە بەچەند وێنەیەکی ژیانی کۆمەڵایەتی لادێکانی کوردستان، بۆ گۆڤاری هەرێمی کوردستان هاتە ئاخاوتن و باسی بەرنامەکاریانی کرد لەم سەنتەرەو گوتی:

ئێمە روخسەتمان لە وەزارەتی رۆشنبیری و لاوانی حکومەتی هەرێمی کوردستان وەرگرتووەو بارەگای تایبەتی خۆمان هەیەو سەرەتا چوار پرۆژەی تایبەتیمان هەیە بۆ ئەوەی ئەنجامی بدەین لە رێگای ئەم سەنتەرە کە یەکێک لەوانە کردنەوەی ئەم پیشانگایەیە کە یەکەم پیشانگایە بەم شێوازە بکرێتەوە لە سەر ئاستی کوردستان و عێراق پرۆژەی دوەمان دەرکردنی گۆڤارێکی وەرزییە کە مانگی ئاداری داهاتوو دەریدەکەین بەناوی کوردفۆتۆ کە تایبەتە بە بواری فۆتۆگراف، پرۆژەی سێیەمان کردنەوەی ویب سایتێکە لەسەر تۆڕی ئەنتەرنێت، بەناوی کورد فۆتۆ هاوس و پرۆژەی چوارەمان کردنەوەی خولە بۆ ئەو فۆتگرافیستانەی لەدەزگاکانی راگەیاندن کار دەکەن بۆ ئەوەی بەشداریان پێبکەین لە خولەکانی سەنتەرەکەمان تا بە شێوازێکی ئەکادیمی پرۆڤیشناڵ کار بکەن و هەوڵ دەدەین شارەزایی زیاتریان پێبدەین تا ئەوانیش بتوانن تواناکانیان پێش بخەن.

پێش ماڵئاوایی ناوادەی..

خالید جوتیار لە بارەی مەرگەوە دەنووسێت

هەوکاری دڵناسک و ڕۆح پاکەمان، خالید جوتیاری جوانە مەرگ و دڵ پڕ ئەڤین و بێ گوناهی، پێش مەرگی ناوادەی ئەڵقەیەکی لەمەڕ مەرگ نووسیوە، بۆ لە یادنەچوونی ڕۆحی پاکی ئەو زاتە شیرینە، (هەرێمی کوردستان) بڵاوی دەکاتەوە.

مەرگ چاوەنۆڕی زیندووبوونەوەیەکی تا هەتایە

زۆرانبازی:- لەگێڕانەوەی حەکایەت زۆرجاران پلەی باڵا دەدرێتە بەرزبوونەوەی کێشەکان. ئەوکات ململانێ دەکەوێتە نێوان دووهێز، مەرج نییە هەموو جاران هێزی چاکەو خراپە بن، بەڵکو لە نێوان دووهێزی چاکەش ڕوودەدات بۆ گەیشتن بە ئاواتێک یان وەدەستهێنانی ئەنجامێک، زۆرانبازی مێژوویەکی دێرینی هەیە، لە نووسراوە کۆنەکاندا لە داستانی گلگامش لە نێوان ئەنکیدۆ و گلگامش گەورەترین کێشە بە زۆرانبازی چارەکرا، ئەوکات دوو هێز: هوشیاری و تەمبەڵی یان هێزی ژیارو ناژیار لەمیان پێشکەوتن و وەستان بۆیە لە کۆمەڵگای کۆندا گۆڕەپانێک لەشارەکان یان لە شوێنی ژینگە دروستدەکرا بۆ ئەم مەبەستەو لەوێ خەڵک کۆدەبونەوە بۆ تەمەشاکردنی ئەو زۆرانەیە لە ئاکامدا ئەوەی ژێر بکەوتبا یان دەکوژرایان رازی دەبوو لەگەڵ سەرکەوتووەکە تا ماوە ئالقە لە گوێی بێ و ببنە دوو هاوڕێی گیانی. پێشان ئامانجەکان بەم شێوەیە دەهاتنەدی یان دوو لەشکر کە بەرامبەر دەبوون دوو سەرکردە کە دەهاتنە مەیدان و بەژێرکەوتنی یەکێکیان سوپاکەی دەدۆڕا، ئەوە جۆرێک بوو لە چارەسەری کێشەکان کە ڕەنگە بەلێکدانەوەی مرۆڤانە کارێکی زۆر باش بووبێ، چونکە بەکەمترین قوربانی چارەسەردەکرا. ئەو زۆرانبازیە زۆر لێکدانەوەی دیکە هەڵدەگرێ لە ڕووی دەروونییەوە کەوتنی چەمکێکە بەرامبەر ئەوی دیکەیان بۆیە بەکەوتنی پاڵەوانێک هەموو چەمکەکانی دیکە لە ژیانی ئەو کەسەش دەگۆڕێ دەبێتە کەسی تەواوکەری سەرکەوتوو، هەموو ژیانی دوای ئەوە لە خزمەتی پاڵەوانی باڵا دادەنێ، بەڵام کەسی بەزیوو کاریگەری بەهێزی لە ژیان دەمێنێ، ئەوە بڕوابوونە بەوەی کە مرۆڤ دەکرێ بونیادبنرێتەوەو بەزینێک هەموو ژیانی نییە بگرە ژیان بە فرە لایەنییەوە جوانترە.

خالید جوتیار

نامەیەک لە نێومنەکانی مندا

پێم دەڵێ: نامەکان بۆن بکە، بۆنی کراسی یوسفە
پێی دەڵێم: ئەی سەرشێت! چۆڕانەوەی ناڵەی تۆیە
لە دوونیای غوربەت بەمن دەگا
پێم دەڵێ: لەو مەقامی فەنابوونەدا
عاشقەکان زەنگی تریان نییە
شانامە بکە بوخچە و لەکەناری بێسنووری غەمدا هەڵیبگرە
هاڵاوی لێ هەڵدەستێ ئەو دەروون عەنبەرە
پێت دەڵێم: ئەی دەورانی گەردوون
ڕانەوەستێ گڕی دەروون
ئەوە موشکی خەتانییە
ئەوە بۆنی ئەو کەلە ئاسکەیە کە لەناوتۆدا
بەدوای مندا ڕادەکا
ڕێ ڕێ دەکا
سەرون دەکا
دڵ بەنددەکا
پێم دەڵێ: ئەو نامانەی لەچاوەڕوانیدا دەبن
بەمەحرەمی ڕاز
لەسینەتا بیاننێژە

پێی دەڵێم: پێش ئەوەی نامەکان بڕن بەشیعر

خۆم دەبم بەشیعر و لەنێو دڵتا سەما دەکەم
سەما لەدەوری لەرزینی کاسەی مەی
سەمای وەلی لەدەوری بەی
وەی وەی
پێی دەڵێم: لەو دونیا قەترانییەدا دەستی
کەس ناگا بەکەس
ئەی تەنیاترین تەنیا
تەنیا شەوقی عشقی تۆ بەمن دەگا
تەنیا سڵاوەکانی تۆ لە دەرگای من دەدا
تەنیا بخووری دووعایەکانی تۆ بەمن دەگا
تەنیا بەیانییەکانی تۆ بەتاریکی من دەکا
تەنیا کەنارییەکانی تۆ دەنووک لەخوێنم وەردەدا
ئەوەی بەمن ناگا هەناسەی جەستەی تۆیە
هەریەکەیان چاوێکن بۆ من
هەریەکەیان کوچەیەکن بۆمن
هەریەکەیان تاوەبارانێکن بۆ غەریبی من
بەسەرمندا دەبارن

شێروان ئیبراهیم حەیدەری

سێ دیالۆگی فەلسەفی لە فەلسەفەی نوێوە بۆ فەلسەفەی هاوچاخ

خوێندنەوەی: محەمەد وەسمان

ئەم بابەتانەی لەژێر ئەم ناونیشانەدا بڵاودەبنەوە پوختەی دیالۆگێکی گرنگ و مێژووییە کە دکتۆر (عەفیف قەیسەر) لەگەڵ د. سادق جەلال عەزم کردوویەتی سەبارەت مێژووی فەلسەفەی نوێ و گیروگرفتەکانی و دواتر سەرجەم مێژووی فەلسەفەی هاوچاخی گرتۆتەوە، بە باسکردنی بەرچاوترین گیروگرفتەکانی و سمبول و پێل و کەسایەتی و ڕاڕەوەکانی و ڕەخنە لێگرتن و هەڵسەنگاندیان.

دیالۆگەکان بە ئینگلیزی بوونە و سادق عەزم کردوونی بە عەرەبی و لە کتێبێکدا بڵاوکراوەنەوە بەناوی (سێ دیالۆگی فەلسەفی بەرگری لە ماتریالیستی و مێژوو) دەستاوێژێکی ڕەخنەگرانەی بەراوردکارانەیە لە مێژووی فەلسەفەی نوێ و هاوچاخدا.

سەبارەت مێژووی فەلسەفە، مێژووی فەلسەفەی نوێ بەتایبەتی د. سادق گرنگی زۆری پێداوەو لێکۆڵینەوەو دانراوی زۆری لە بارەوە هەیە بە عەرەبی و بە ئینگلیزی، کە باس لە هەندێ لایەنی فەلسەفەی نوێ دەکات، یەکەم پرسیاری دێتە پێشێ ئەمەیە دوای ئەم ئەزموونە دەوڵەمەندە ئایا ڕایەکی دیاری کراو و جیاواز یا تایبەتی لەمبارەوە هەیە؟

سادق عەزم لە وەڵامدا دەڵێت: زۆر بابەتم لە بارەی مێژووی فەلسەفە خوێندنەوەو لە هەندێکیانم کۆڵیەوەو هەندێکیانم بۆ مەبەستی وانە گوتنەوە بەکارهێنا بۆ ئامادەکردنی قوتابیان، دەتوانم بڵێم، دوای ئەزموونێکی زۆرو فرەجۆر، ئەنجامی بنچینەیی کە پێی گەیشتبم ئەمەیە، یەکەم و مەزنترین شتی کە مێژووەکانی فەلسەفەی کلاسیکی و باو نیەتی مێژوو خۆیەتی.

دەشێ بڵێین ئایا ئەم ئەنجامگرییە لێکدژی تێدا نییە؟ دەڵێم: بەڵێ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دووپاتیدەکەمەوە مێژووەکانی فەلسەفە نەک تەنیا مێژوو بە واتا گشتییەکەیان تێدا نییە، بەڵکو ڕوانگەی مێژوویی دروستیان تێدا نییە لە چارەکردنی بابەتەکەیان و لە خستنەڕوو و ڕاڤەکردنی، سەبارەت بە نەسازییەکە، سەرچاوەکەی وابزانم، ئەمەیە: ئێستا فەلسەفە وەک دەیزانین پەیوەستە بە پەیوەندییەکی زۆر تایبەت و دەگمەن بە ڕابردوو و مێژووەکەی، لەبەر ئەم هۆیە دەبینین فەیلەسووفان بایەخێکی زۆر دەدەن بە مێژووی بابەتەکەیان و ڕابردووی کە لە بوارە زانستی و ئەپستمییەکانی دیکەدا بێ وێنەیە، لەو کاتەیدا زانینی ڕابردووی فەلسەفە بەشێکی گرنگ و کاکڵی هۆشیاری فەیلەسوفە، کەچی دەبینین ڕابردووی زەوینناسی (جیۆلۆجیا)، بە نموونە، بەشێکی گرنگی پێکهاتەی زانستی ئێستای زانای جیولۆجیا پێکناهێنێت، مەگەر لابەلاو هەڵاوارده، هەمان شت لە بارەی پزیشکی و دەروونزانی و کۆمەڵناسی و ئەندازەش وایە، بەڵام بە پلەی جیا جیا.. تێبینییەکی گرنگی دیکە:

مێژووەکانی فەلسەفە، وادەردەکەوێت، تەنیا فەیلەسووفانی دەینووسن (یان تایبەتمەندانی فەلسەفە)، کەچی دەبینین مێژووی داتاشین (النحت)، پەیکەرتاشان ناینووسن و مێژووی کیمیا، کیمیاگەران ناینووسن، بەڵکو تایبەتمەندانی مێژووی هونەر، بەنموونە، دەینووسن، یا تایبەتمەندان لە مێژووی زانستی سروشتی و پەرەسەندنی. ئەم بایەخدانە بە مێژووی ڕابردووی فەلسەفە، بیر بۆ ئەوە دەبات کەوا نیشانەی بێهێزی بێت بەبەراورد بە بوارە زانستی و ئەپستیمیەکانی دیکە، چونکە بەهۆی سروشتی کەڵەکەبوونمێژوویان بووەتە بوارێکی دیکەی زانستی و ئەپستمی نوێ و سەربەخۆ.

لاپەرە دوازدە تا نۆزدەی (سێ دیالۆگی فەلسەفی) د. سادق جەلال عەزم.



ل دهۆکی دیدارەکا هزری بۆ ئەگەرێن کێم خواندنی هاتە سازکرن لی

دویڤچوون، جانو بلانی

رێڤەبەریا گشتی یا رەوشەنبیری و هونەری ل دهۆکی ب هەڤکاریا گۆڤارا مەتین دیدارەکا هزری ب پشکداریا هژمارەکا رەوشەنبیر و نڤیسەران سازکر، بەلی د ناڤ گەنگەشا دیدارا هزری دا، رێڤەبەری گشتی یا رەوشەنبیری و هونەری ل دهۆکی تۆرە بوو و گۆتە ئامادەبوویان: کا ئەو نڤیسەر و رەوشەنبیرێن خۆ ب زەبلەح ددانن ل کیڤەنە و بۆچی نەهاتنە ڤێرە و مە پێکڤە ئەگەرێن کێم خواندنی گەنگەشەکربان بۆچی نە هاتینە. ئەگەر مە گۆتبایی وەرن دی عەلوکا دەینە وە دا هەمی ئامادەبن.

عادل حەسەن دیسا گۆت: ٦٠٪ ژ ئامادەبوویێن ڤی دیداری فەرمانبەرێن رێڤەبەریا مەنە، یێن مایی شنووکا نەیێن مەنە و نوکە نە مو نڤیسەر و خواندەڤان هەیە و نە ژی مە گوهدار هەیە.

رێڤەبەری گشتی یی رەوشەنبیری و هونەری ل دهۆکی د ناڤ گەنگەشا دیداری دا دیار کر کو هەر پەرتۆکەکا نوکە دهێتە چاپکرن ب تنی ٢٠ پەرتۆک دهێنە فروتن، یێن دی هەموو د پەرتۆکخانان دا دمینن و پتریا وان ژی دبنە دیاری.یێن دبنە دیاری ژی بتنی ١٪ دهێنە خواندن.

د. فەرهاد پیرپال راگەهاند ئەگەر گۆتنا رێڤەبەری گشتی راست بیت کو بتنی ٢٠ پەرتۆک دهێنە فروتن ئەڤە شەرمەزاریە بۆ خەلکی دهۆکی.

د. فەرهاد رەخنەکا توند ل سەنتەری رەوشەنبیری یی زانکۆیا دهۆکی گرت و دیار کر کو ناڤی وی سەنتەری رەوشەنبیری یە لی هێما و نیشیانێن رەوشەنبیریەتی لی نینن و گۆت: ئەگەر تو نوکە بەری خۆ بدەیە ئاڤاهیی سەنتەری هەموویی تو پەرتۆکخانەکی تێدا نابینی. ئەڤە یە عەقلی کوردان دەما سەنتەرێن رەوشەنبیری ددانن. دیسان دیار کر کو ئەڤ سەنتەرە ب تنی بۆ مامۆستایان هاتیە دانان و نە بۆ قوتابیانە.

د. داوود ئەترووشی هاریکاری سەرۆکی زانکۆیا دهۆکی بۆ کاروبارێن پەیوەندیان بەرسڤا د. فەرهاد پیرپال دا و گۆت: سەنتەری رەوشەنبیری یی زانکۆیا دهۆکی نە ب تنی بۆ مامۆستایێن زانکۆیی بەلکو بۆ قوتابیان و بۆ هەموو هەلکی دهۆکی هاتیە دانان. بۆ نموونە نوکە د هەر رۆژەکی دا هەشت خۆل بۆ قوتابیان و بۆ هەموو خەلکی سادە د ڤی سەنتەری دا برێڤە بچن.

د. داوود ئەترووشی نوونەری زانکۆیی د دیدارا هزری دا خۆیاکر کو راستە پەرتۆکخانە ل سەنتەری رەوشەنبیری نینە، لی هەر کولیژەکی پەرتۆکخانا خۆ هەیە.

د. فەرهاد ل دوور چارەسەریا کێم خواندنی پێشنیاز کر و سی جارکی تەکەست ل سەر ئاخفتنا خۆ کر، کو دڤێت ل هەر تاخەکی دهۆکی پەرتۆکخانەیەک بهێتە دانان و خەلک قەست بکەنی و پەرتۆکان بخوینن.

دیسان پیرپالی ئاشکرا کر کو بەرێخودانا فلما و سیدیان و تێلەڤزیونی ژی جۆرەکی خواندنی یە، مەزنترین سیدی فروش ل هەرێمی نوکە ل دهۆکی یە و گۆت: رۆژەکی ئەز ماوی پێنج دەقیقان ل دەف وی سیدی فرۆشی روونشتم ئەوی ب کوژمی ٥٠٠ هزار دیناران سیدی فروتن، ئەڤە ژی جۆرەکی خواندنی و رەوشەنبیریەتی یە.

فەهمی سەلمان د سمینارا خۆ دا ئەوا ب ناڤی رۆلی سازیێن جڤاکی مەدەنی و خێزانی د خواندنی دا هاتیە پێشکێشکرن دیار کر کو نەخویندواری ل دهۆکی ب رێژا ٢٨٪ی یە و ئەڤ چەندە ژی کارتێکرنی ل سەر کێم خواندنی دکەت.

محسن قوچان سەرنڤیسەری کۆڤارا مەتین بۆ هەرێمی کوردستان خۆیاکر کو ل نک مە دیارەیا خواندنی یا کێمە، هەر دەمی قوتابی ژ زانکۆیی دەرچوو ئێدی چ پەرتۆکان ناخوینیت. گۆت: هندەک دبێژن دی رۆژنامی خوینین لی ئەز نابینم خواندنا رۆژنامی رەوشەنبیرەکا کوور بدەتە خواندەڤانی. چونکو ئەو جڤاکی دڤێت پێشبکەڤیت دڤێت پەرتۆکان بخوینن و ڤەکۆلینان بکەن.

ئامادەکردنی: ڕۆژگار فازڵ

بە ئامادەبوونی وەزیری ڕۆشەنبیری و لاوان

یەکەم فیستیڤاڵی ڕۆشنبیری لە شێخان بەڕێوەچوو

بە ئامادبوونی د. کاوە مەحمود شاکر وەزیری ڕۆشنبیری و لاوانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، یەکەم فیستیڤاڵی ڕۆشنبیری شێخان لە ژێر دروشمی (شێخان هەردەم شاری ئاشتی و پێکەوەژیانە) بەڕێوەچوو.

لە سەرەتای فیستیڤاڵەکە پەردە لەسەر پەیکەری شاعیر مەلا خەلیل مەشەختی لە دەروازەی قەزای شێخان لادرا و پاشان لە هۆڵی یانەی وەرزشی شێخان پێشانگەی شێوەکاری و کاریکاتێری و کەلەپووری بۆ هونەرمەندان (فارس شەمدین و نعمەت مەحمود و ئەلیاس نیعمە) کرایەوە.

دواتر لە هۆڵی (جەوهەرەی شێخان) بڕگەکانی دیکەی فیستیڤاڵەکە دەستی پێکرد و چەندین وتار لەلایەن قایمقامی شێخان و بەڕێوەبەری ڕۆشنبیری شێخان و وەزیری ڕۆشنبیری و لاوان پێشکەشکرا.

لە وتەکەیدا، وەزیری ڕۆشنبیری و لاوان ئاماژەی بە گرنگی ناوچەی شێخان دا و هۆکاری بەهێزبوونی ناوچەکەی گەڕاندەوە بۆ پاراستنی گیانی برایەتی و تەبایی و پێکەوەژیان.

هەروەها گوتی: هەرچەندە ئەم ناوچەیە یەکێکە لەو ناوچە کێشەدارانەی کە ئەرکی حکومەتی فیدراڵە گرنگی پێبدات، بەڵام بەداخەوە ناوچەکە پشت گوێ خراوە و یەکێ لە ئەرکەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بایەخدانە بەم ناوچەیە تا ئەو کاتەی دەگەڕێتەوە سەر هەرێمی کوردستان و ئەویش بەپێی بنەمای دەستوورە کە خۆی لە مادەی (١٤٠) دەدۆزێتەوە، هەرچۆن ئێمە یەک مێژوومان هەیە، ئەوها یەک چارەنووسمان دەبێ، بۆیە یەکڕیزی و تەبایی لە نێوان پێکهاتەکانی ئەم ناوچەیە زامنی سەرکەوتنە.

پاشان بڕگەکانی فیستیڤاڵەکە بە چەند سیمینارێک و شیعرو گۆرانی و سروود بەکۆتا هات.

چاپکراوەکان

الصحفی

گۆڤارێکی مانگانەی تایبەت بە بواری ڕۆژنامەگەریە، سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان دەریدەکات، ژمارەی جمکی (٥٩-٦٠)ی کەوتە دەستی خوێنەران.

بەسەرهاتی قازێک

نوسینی: شاخەوان عەلی حەمەد

یەکێکە لە بەرهەمە چاپکراوەکانی وەزارەتی ڕۆشنبیری بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕۆژنامەنووسی و چاپ و بڵاوکردنەوە.

کیمیای ژینگە پیسبوونی ئاووهەوا

ئامادەکردنی: پ.د. عەزیز ئەحمەد ئەمین

بڵاوکراوەی ئەکادیمیای کوردی، ژمارە، (٦٤)

چرکە جوانەکانی تەمەن

بابەت: کورتە نامە

نووسینی: ئاکۆ تەنیا

سەعید شاکەلی چەندین کتێبی پێشکەش بە کتێبخانەی خانەقین کرد

ئا/ تانیا کفری

بۆ زیاتر پەرە پێدان بە بواری خوێندنەوە و ڕۆشنبیری کە هەمیشە گوتراوە کتێب باشترین هاوڕێیە هەفتەی رابردوو شیخ سەعید شاکەلی بە هاوکاری بەڕێوبەرایەتی ڕۆشنبیری گەرمیان ژمارەیەکی زۆر کتیبی بەخشییە ناوەندی کەلتوری خانەقین کە لەمەراسیمێکی شکۆداردا کە زۆرێک لە بەرپرسی حزبی و حکومی خانەقین و دەزگاکانی ڕاگەیاندن ئامادە بوون ئەم هەوڵەی شێخ سەعید شاکەلی راوێژکاری وەزیری ڕۆشنبیری و لاوانی بەرزنرخاند، لەم بارەیەوە شیخ سەعید شاکەلی بە گۆڤارەکەمانی راگەیاند: من ئەو دیاریانەم وەک زیاتر پەرەدان بە کتێبخانەی کوردی و ناوەندی کەلتوری خانەقین و زیاتر ئاشنا بوونی دانیشتوانی خانەقین بە کتێبە، هەروەها گوتیشی: چونکە هەمیشە گوتراوە کتێب باشترین هاوڕی مرۆڤە بۆئەوەی ئەو هاوڕیە هەمیشەییەی مرۆڤ لە خانەقینی خۆشەویستیشدا هەبێت و بەردەوام بێت منیش وەک خۆم ئەم دیارەیەم بە ناوەندەکە بەخشی.

سەنتەری ڕۆشنبیریی ئاسۆس و بزاڤی ڕۆشنبیری سلێمانی لەدوو چالاکی هاوبەشدا

لەدرێژەی زنجیرە چالاکییەکانی خۆیدا، سەنتەری ڕۆشنبیریی ئاسۆس بە هاوبەشی لەگەڵ بزاڤی ڕۆشنبیریی سلێمانی کاتژمێر (١٠) ی سەر لەبەیانی ڕۆژی سێ شەممەی رابردوو لە هۆڵی لقی راپەڕینی یەکێتی مامۆستایانی کوردستان دوو پێشانگای هاوبەشیان بۆ زیاتر لە ٦٠ شاعیر و کارە هونەریەکانی هونەرمەندی فۆتۆگرافەر (مەحەمەد حاجی برایم) کردەوە، شایانی باسە پێشانگاکە بە ئامادەبوونی ژمارەیەکی بەرچاو لە نوێنەرانی دامود دەزگاکانی حزبی و حکومی رانیە و بەشێکی بەرچاو لە ڕۆشنبیران و هونەرمەندان لە لایەن قایمقامی قەزای رانیەوە کرایەوە.

هونەرمەند (نازێ عەزیزی) سەرقاڵی (سی دی) یەکی تازەیە

خاتوو (نازێ عەزیزی) یەکێکە لەو ئافرەتە هونەرمەندە دەنگ ناسکانەی کە ماوەیەکی زۆرە بە گۆرانییەکانی خزمەت بە هونەری کوردی دەکات، بەڵام ماوەیەکی زۆرە بێدەنگییەکی پێوەدیارە، لە لێدوانێکی بۆ گۆڤارەکەمان هونەرمەند نازێ ئەو بێدەنگییەی بۆ ئەوە گەڕاندەوە کە ماوەیەکە سەرقاڵی (سی دی) یەکی تازەیە کە خۆی گرتووە لە (٩) تراک، کە بەشێوەیەکی پرۆفیشناڵ کاری لەسەرکردووە، هەروەها خاتوو نازی ئاماژەی بەوەشکرد کە کاری کلیپی بۆ دوو گۆرانی لەم (سی دی)ە تازەیەیدا کردووە و بەم نزیکانە پێشکەشی هەوادارانی دەنگی خۆی دەکات، لە کۆتایشدا نازێ عەزیزی هیوای ئەوەی خواست کە سەرجەم کارەکانی مایەی دڵخۆشی بێت بۆ گوێگران.



ئا: تریفە ئازاد